ئاسۆ بیارەیی


| 2006-5-19 سوێد | assobyari@yahoo.com | بابەتی کۆمەڵایەتی |
| --- | --- | --- |


# ژنسالاری و قەیرانی پیاو لە خێزانی ئەمڕۆدا

ژنسالاری یەکێکە لە قەیرانە نوێکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کە هاوکێشە و پێوەرەکانی خێزانی بەرەو گۆڕانێکی نوێ خەملاندوە، کە دەسەڵاتی پیاوی لە نێو خێزاندا کردووەتە دووەم و ژنەکان چارەنووس و جڵەویان گرتووەتە دەست.

لاواز بوونی دەسەڵاتی پیاو(پاتریارکاری) دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر:

**1 . فاکتەری ئابوری.**

فاکتەری ئابوری یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی لاز بوونەوەی تای تەرازوی دەسەڵات بەلای ئافرەتاندا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا. بوونی کار و داهاتی ئابوری ئافرەتان، بوەتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا، بێکاری پیاوەکان و مانەوەیان لەماڵەوە بۆ کاری ناوماڵ و پەروەردەی مندالان ئەنجامەکەی لەقکردنی دەسەڵاتی پیاوسالاری لێکەوتووەتەوە. ئەوەش وای لە پیاوان کردووە کە بڕوایان بە خۆیان وەکو سەرپەرشتی خێزان کەمبێتەوە ویاوەری خۆیان بدۆڕێنن بەرامبەر بە ئافرەتان.

**2. پێشکەوتنی بزوتنەوەی ژنان و کاڵبوونەوەی جیاوازی نێوان ئافرەتان و پیاوان.**

**پێشکەوتنی بزوتنەوەی فەمنیستی لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی پێشودا، گوڕێکی مەزنی بەخشی بە ڕابوون و هۆشمەندی ئافرەتان بۆ داخوازی مافەکانیان، بە تایبەتی بزوتنەوەی چەپەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی کە دەیان خواست ئافرەت و پیاو پێکەوە کاربکەن بۆ مسۆگەرکردنی بژێوی خێزان و هەمان مووچە یان هەبێت.**

**3 . جێگیربوونی میکانیزمی پرۆسەی دیموکراتی. کە تاکەسەکانی مافی بڕیاردانیان لە دروستکردنی دەزگاکانی میردا هەیە.**

خونچەکردن و گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی، میکانیزمی پێوەرەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەوروپای ڕۆژئاوای لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی تاکەکەسەکانی ئەو کیشوەردا گۆڕیی، کە ئافرەتانیش مافی دەنگدانیان وەکو پیاوان هەبێت بۆ بەشدارکرن لە پێکەوەنانی دەزگا هاوچەرخەکانی کۆمەڵگەی شارەستانی، کە مرۆڤەکان تیایدا هەست بە بوونی خۆیان بکەن و بە چاوێکی یەکسان سەیربکرێن.

**4. گۆڕانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی** socialisation

پرۆسەی دیموکراتی کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر شێواز و پەروەردەی کۆمەڵایەتی **socialisation** لە ناو خێزاندا و شوێنەگرنگەکانی کۆمەڵگە. بۆ نموونە لە پەروەردەکردنی مندالان دەبێت بەیەک چاو تەماشای کچان و کوڕان بکرێت و بەهۆی جیاوازی بایۆلۆژییەوە بە نزمی سەیری کچان نەکرێت.

**5. ڕادەی تاوانکردن کە زۆربەی پیاوان ئەنجامی دەدەن.**

مەسەلەی تاوانکردن فاکتەرێکی ترە کە پێگەی پیاوی لە نێو کۆمەڵگەکانی ئەوروپای لاوازکرووە، چونکە زۆربەی تاوانەکان کە ئەنجام دەدرێن پیاو دەیکات.

**6. ڕۆڵی میدیاکان.**

ڕۆڵی میدیا دەسەڵاتێکە کە ڕۆژانە کاردەکاتە سەر ڕەوتی تاکەکەسەکان کە چۆن بڕواننە مەسەلەی خێزان لە بواری پەروەردەکردن و گردکردنەوەی ئەو بیرانەی کە تایبەتن بە یەکسانی ژن و پیاو، کە کەسایەتی ئافرەتی بەهێزدەکردووە بۆ مافی ژیان بەرامبەر بە پیاو.

سەرباری ئەوەی ئافرەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، قۆناغێکی دیاریان بڕیوە بۆ بەدەستهێنای مافەکانیان، بەڵام هێشتا گیانی باوک سالاری پیاوەکان بواریان ناداتێ کە پۆستە گرنەکانی وڵات بگرنە دەست. زۆرجار ئافرەتان بە گیان لە بەرێکی لاواز دێنە ناساندن کە دەبێت شوێنیان ناو ماڵ بێت و گوێ ڕایەڵی بڕیارەکانی پیاو بن. بۆ نموونە هێشتا ئافرەتان موچەیان لە هی پیاوان کەمترە سەرەڕای ئەنجامدانی هەمان کار و ئەرک.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە خێزانە کوردەکان کە پەنابەرن لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە ژیانێکی چەند ساڵی لە ناو ئەو سیستمە ئازادەدا، دەردەکەوێت کە زۆربەی پیاوەکان نەک تەنها سالاری ماڵن ، بەڵکو ڕێگەیان نەداوە و نادەن بە ئافرەتەکان کە پێشکەون. بگرە لە بازنەیەکی داخراودا درێژە بە پەروەدەی باوک سالاری ئاسنینی خۆیان دەدەن و کچەکان و ژنەکان بە چاوێک سەیردەکەن کوڕەکانیش هەموو دەراوزەی ژیانیان بۆ ئاواڵەیە.

ئەو بۆچونە نەگۆڕە(پیاوسالاری)، کۆمەڵێک کیشەی خێزانی خستووەتە ناو ئەو پەنابەرە کوردەکانەوە. لەلایەک پیاوەکان دەخوازن درێژە بە سالاری خۆیان بدەن و ئافرەتەکان سەرکوێر بکەنەوە، لە لایەکی تریش ئافرەتەکان هانا بۆ دەزگا دیموکراتیەکان دەبن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەچنگی پیاوان. ئەنجامەکەشی جیابوونەوە و هەندێ جاریش ڕاکردن و خۆشاردنەوەی کچەکانە لە ترسی کوشتنیان لە سەر مەسەلەی شەرەف ناموس.

---

**ئەم باسە لە بەر ڕۆشنایی دیدگەی هەرمی نێر و مێبوون Gendens ، لە سەرچاوەی sociology** Giddens **لاپەڕە** 124-130 نووسراوە